**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٤٦٤٩ لە ٢٠٢٤/٣/٦**

پاڵپشــت بە ماددەی (٧) لە یاســای وەزارەتی تەندروســتی ژمارە (١٥)ی ســاڵی ٢٠٠٧ و ماددەی (٣٠) لە یاسایی بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد .

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی هێنان و چاندنی گلێنەی چاو بۆ مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم ووشە و زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە ئەو مانایانەی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**چوارەم: چاو:** ئەندامێکی سەرەکی لەشی مرۆڤە بۆ بینین .

**پێنجەم: گلێنەی چاو:** ئەندامی بینینە ، بەشی بینینی چاو و هەروەها شانەیەکە وەکو گومبەت لە بەشی پێشەوەی چاوەکە بوار دەدات بە چڕبوونەوەی ڕۆشنایی و هاوکاری تۆر دەکات تاکو ببینین .

**شەشەم:چاندنی گلێنەی چاو** :واتە گۆڕینی گلێنەی چاوی نەخۆش وبەرکەوتە بەمەبەستی گەڕانەوەی بینین.

**حەفتەم:** پســپۆری گلێنەی چاو: ئەو پســپۆرە ووردەیە کە شــارەزا و لێهاتوویی هەیە لە نەشــتەرگەری چا ندنی گلێنەی چاو دوای وەرگرتنی بڕوا نامەی وورد لەم بوارە و هەروە ها بەشـــداری کردنی لە چەندین خولی چاندنی گلێنەی چاو .

**هەشـــتەم:** ســـەرچاووەی هێنانی گلێنە ئەو شـــوێنەی کە گلێنەی چاوی لێ هاوردە دەکرێت و دەبێت لە ووڵاتیکی باوەر پێکراوبێت وەک سەرچاوەی گلێنەی چاو .

**ماددەی (٢):**

وەزارەتی تەندروستی تۆماری لیستێک بەناوی ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بە چاندنی گلێنەی چاو هەیە ئامادە دەکات.

**ماددەی (٣):**

١- **مەرجەکانی هاوردەکردنی گلێنەی چاو:**

أ- هێنانی گلێنەی چاو دەبێت لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و ڕێگەپێدراو بێت ، تەنها لەو وڵاتانەوە بێت کە بە فەرمی گلێنەی چاو هەناردە دەکەن .

ب- دەبێت گلێنەی چاو تەنها لە ڕێگای فڕۆکەخانەوە هاوردە بکرێت.

ج- دەبێت داوا کاری ڕاستەخۆ پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی جۆری بکرێت.

د - دەبێت لە کۆنترۆڵی جۆری هەموو بەڵگەو ڕێکارە یاساییەکان جێبەجێ بکرێ کە بریتیە لە:

١- کوالیتی گلێنە لە کوالیتی کۆنترۆڵ پشکنینی بۆ بکرێ وەکو (Evalution Form) .

٢- خانەکانی گلێنە لە (٢٠٠٠) خانە کەمتر نەبێ .

٣- دەبێ گلێنەی چاوی مردوو جیاکرابێتەوە لە ماوەی کەمتر لە (٢٤) کاتژمێر دوای مردنی.
٤- فەحسی ( HIV ،Viral screem) بۆکرابێت وە ئەنجامەکەی نەرێنی (NEGATIVE) بێت .
٥- دەبی گلێنەکە لە کاتی گواستنەوە لە پلەی (٢-٨) پلەی سیلیزی بێت .
٦- گلێنە دەبێت لە ماوەی (٢) هەفتە لە دوای جیاکردنەوە لە چاوی مردوو بەکاربهێنرێت دوای (١٤) ڕۆژ ( Discard) بکرێت .

ح- لە دوای بەکارهێنانی گلێنەکە ، دەبێت فۆڕمی گلێنە لە ناو فایل وە ڕیکۆردی نەخۆش بمێنیتەوە

خ- هەرپزیشکێک گلێنەی چاو هاوردە بکات بۆ چاندن دەبێت پزیشکی پسپۆری گلێنەی چاو بێت و هاوولاتی هەرێمی کوردستان بێت یان هەرپسپۆرێک کە وەزارەتی تەندروستی رێگەی پێ بدات .

٢- هەر نەخۆشخانەیەکی گشتی یان تایبەت یان سەنتەر بیەوێت نە شتەرگەری چاندنی گلێنەی چاو ئەنجام بدەن پێویستە پێش وەختە ڕەزامەندی لیژنەی باڵای بەخشین وچاندنی ئەندامەکان لە وەزارەتی تەندروستی وەربگیرێت .

**ماددەی (٤):**

لە ڕووی ڕێکاری یاسایی نابێت پزیشکی تایبەتمەند دەست بکات بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندنی گلێنەی چاو بەر لە تەواو کردنی ڕێکارە یاسایی و کارگێرییەکان بەپێی یاسا و ڕێنمایەکان .

**ماددەی (٥):**

دروستکردنی بانکی گلێنەی چاو لە هەرێمی کوردستان لە نەخۆشخانەیەکی گشتی چاو بە مەبەستی کۆکردنەوە و هەڵگرتن و دابین کردنی خامەی (آنسجە)ی چا ندنی گلێنەی چاو بە مەرجێک گشت ڕێداویستیە هونەرییە کان فەراهەم بێت لەم دەزگا یانە ئەویش بەرەزامە ندی وەزیری تە ندروستی بەپێی یاسای بەخشین وچاندنی ئەندامانی لەشی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان–عێراق ژمارە (ای ساڵی ٢٠١٨

**ماددەی (٦):**

لە کاتی ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ بانکە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بە چاو، گلێنەی چاو دەبێت سەرجەم ڕێکارە یاساییەکان و تەندروستیەکان جێبەجێ بکرێت لەم حاڵەتە بۆ سەلماندنی تەندروستی چاو، گلێنەی چاو لە هەر حاڵەتێکی تێکچوون بەپێی ماددە (٢٨) لە یاسای بەخشین وچاندنی ئەندامانی لەشی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨.

**ماددەی (٧):**

لە کاتی سەرپێچی کردنی بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە دوای پشتڕاستکردنەوەی لە لایەن لیژنەی باڵا ئەوا سەرپێچی کار بەپێی ئەو سزایانەی کە لە یاسای (بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ) ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ دا هاتووە سزا دەدرێت .

**ماددەی (٨):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**